www.kurdistannet.org
4-8-2003 1:12

# من گۆڕێکم بەسە بۆ خۆشبەختی

ئیدریس عەلی



گومانم هەیە
لەبۆنی گوڵ
بە لێواری ئینجانەی ئەم قەدەرەوە،
لەسڵاوی با
کاتێ بەغرورەوە خۆی دەکات بەشاردا،
لە خوڕڕەی ئاوی گوێ سەبانێك
لەنیوە شەوێکی زستاندا،
گومانم لەخەیاڵی کورتی ناو ماشێن هەیە
کاتێ بۆژوانی یار دەڕۆمو نایبینم،
لە گەڕانەوەی رانەمەڕەکانی ئێوارەو
لە چرا کزەکانی نێو تاقی گوند بەگومانم،
گومانم لەخۆمە کەنازانم بۆ شیعر دەڵێم،
گومام لەتۆیە
ئەی عەرەب
ئەی دۆست کەنامناسی،
لەتۆ ئەی قەیرە قەرەچ
کەبەدرۆوە دەستەکانم
لەچارەنوسم گرێدەدەیت،
ئەی هاورێ
ئەی ئەڤینم
کەنەتتوانی نیگای کۆترەکانم لەچاوی راو چییەکان جوێ کەیتەوە،
گومانم لەخشەی مارە
لەنێو یەقینی ئەم باخچەی مردنەدا
گومانم لەکپسەی دڵی پشکۆیە
لەنێو ئەم ئاگری بوونەدا،
لەناخی بۆگەنی هەرمێ بەگومانم
کاتێ خۆی بەئاوێنەی جۆگەلەیەك روون دەکاتەوە،
لەدەستی زبری باخەوان
کاتێ گێلاسەکانی وەفادەڕنێ،
گومانم لەتۆشە ئەی دەریا
چاوکە ماسیەکانت چ شەڕێ بەمەرجان دەفرۆشێ؟
چاوکە شەپۆلە سەختەکانت
چ گۆبەنێ لەکەنارە دوورەکان دەگرێ؟
ئەو کەنارە زۆر دوورانەی کەنایگەینێ،

ئیدی دڵ بەبێدەنگی ئەم شۆڕەبیانە خۆش ناکەم
موحتاج نابم لێوی شیعرم
بەسوراوی ئەم حەوزە لیخنانە رەنگ بکەم،
من هێندەی فراوانی باڵی خەیاڵ گومانم هەیە،
گومانم لەو کۆترە هەیە
هونەری فڕین لەپەنجەرەوە فێردەبێ،
من دڵنیام پەنجەرەی هیچ ماڵێك
نارِوانێتە کۆڵانەکانی وەفا،
کۆڵانێك نابینمەوە
لەدووکەڵی رقدا غەرق نەبوبێت،
لەئێوارەوە تاسپێدە
بەگومانم،
لەشیعرەوە تا چراو
لەوێشەوە تا بالآی عەشق بەگومانم،
بەگومانم
لەئاهەنگی پاشتێلانەی ئەم پەپولە خوێناویانە
لەقسەی نەگوتراوی ئەم ساوا ئیفلیجانە،
لەنەیزەکی زۆڵی ئەم ئاسمانە زۆر دوورانە،
لەجەستەی شەلآڵ بەخوێنی ئەم
شەهیدە نەناسانە،
لەرەنگی کاڵی وەفای ئەم باخچە نەخۆشانە،
وەفای من بۆ ئەو دەستە سپیانەی گوڵ دەچنێ
وەفای تۆ بۆ عەشقی سادەی
دوو کۆڵانی نێرو مێ،
وەفای عەشق بۆسروەی بێنازی ئارەزو،
گومانم لەنوێژەکانی باوکمو لەدووعاکانی دایکیشمە،
لەسێبەری رەشپۆشی سنەوبەرێك
کاتێ لەپرسەی بەهارێکدا
پرچی دەرِنێ،
لەبارانو شەو
لەمیوانە ئێسك سوکەکان بەگومانم،
لەژنانی دانیشتوی ولآتی خەم
لەو ژورانەی تانو پۆ بۆ سەفا رازاوەن،
لەو پەنجەرە تاریکانەی لەچوار لاوە بۆسەما ئامادەن،
لەو مێژووە پەشیمانم بەناوی شەونمەوە تۆمارکرا،
ئیتر تەواو
نەئێوارەیەکم دەوێت بۆگوتن

نەشەقامێك نۆ غەزەل،

نەئەستێرەیەكم دەوێ بۆ خۆشەویستی

نەچرایەك بۆدەرباز بوون،

مـن بەتەنها

گۆڕێكم بەسە بۆخۆشبەختی. . !!